دەستدرێژی یان حەزی هەردووك؟؟

خەندە جەمال رەئووف

پەپێی توێژینەوە مەیدانییەکەی د.یوسف عوسمان حەمەد ئامادەی کردووەو لەمیدیاکانداو بڵاو کرایەوە کە لەلایەن لێپرسراوانەوە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر 435 ئافرەت لەماوەی ساڵانی 2005-2006 دا.

من دەمەوێ راشکاوانە لێرەدا شتێك دەربارەی ئەم مەسەلەیە بڵێم.. ئایا بەفیعلی ئەو کارە دەستدرێژییە؟ ئایا مەسئولە یان وەزیرە یان کوڕە گەدایە یان هەرچییەکە بەزۆر لەدەرگای ماڵانیان داوەو ژنانی لەپێش چاوی باوك‌و براو مێردو کەسوکاری هێناوەتە دەرەوەو تەعەدای ناموسی لێکردووە؟

من هەست دەکەم ئەمە خۆڵ کردنە چاوی کۆمەڵ بێت دەنا ئەوەندە عودەی‌و قوسەییەکان زۆرن‌و نەمانزانیوەو لەکونفەیەکونێکداو بەلێکۆڵینەوەیەك ئەوە ئاشکرا ببێت؟ نەخێر ئەمە دەستدرێژی نییە بەڵکو ئەمە کارو حەزو نەفسی نزمی هەندێك لەژنەکانمانە (کە بەداخەوە دەیڵێم) لەپێناوی مانەوەی کارەکەی‌و کورسییەکەی‌و لەدەست نەدانی مەنسەب یاخود لەپێناوی وەرگرتنی پارچە زەوییەك یان تەعین کردنی خوشك‌و براو کەسێکیدا ئەوە ئەنجام بداتو رەنگە شانازیشی پێوە بکات کە ئەو پەیوەندییەکی غەرامیانەی لەگەڵ ئەو مەسئولەدا هەیەو هەموو کەس ناتوانێت بگاتە ئەو پلە بەرزە کە چەند مواسەفاتێکی تایبەتی نەبێت.

بەداخەوە ئەنجامی توێژینەوەیەکی وا کە بەدەستدرێژی لەقەڵەم دەدرێت، ئەوە دەڵێت کەشار بێ حاکم بێت، من بۆ خۆم خزمی هیچ مەسئول‌و وەزیرێك نیم‌و بگرە لەزۆربەی کارەکانیشیان ناڕازیم‌و رەخنەی توندیشم هەبووە، بەڵام ژنبوونی منیش ئەوە ناگەیەنێ کە لەپاڵ کارە خراپ‌و هەڵەکانی کەهەندێك لە ژنان دەیخوازن‌و دەیکەن‌و ئەوەش دەرەنجامەکەیەتی بێدەنگ ببم‌و سەروگوێلاکی هەموو پیاوێك کوێرانە بشکێنم، ئەم مەسەلە هەستیارەی کەئاشکرا بووە دەستدرێژی نییە، بەڵکو حەزی هەردووکیانە ، چونکە ژنێك ئازاو چاونەترس‌و ئازادانە پێگەیەك لەکۆمەڵدا بۆ خۆی چێ بکاتو گەر کاتی دەوامەکەشی تا درەنگانیش بێت بڕواناکەم مەسئولەکە یان وەزیرەکە یان کێ‌و کێ بتوانێت دەرگاکەی بەزۆر لەسەر دابخاتو تەعەدا ئیتر بەهەر شێوەیەك بێت, لێبکات. نەخێر شتی وانابێت مەگەر لەفیلمە سینەماییەکاندا، دڵنیام هەر هیچ نەبێ ئەو ژنە بەچڕنوکیشی بێت دەمووچاوی کابرا دەکاتە عیبرەتی زەمانە...

ئەو 435ژنەو زیاتریش لەو ژمارەیە، بێگومان هەندێکیان لەوە دەچێت وەکو حەزێکی خۆیان‌و بگرە وەك شانازییەك کەبڵێن من لەتۆ ئازاترو جوانترو بەقیمەتترم لای ئەوی دەستڕۆیشتوو، ئەوا من پەیوەندیم لەگەڵیدا داناوە.

کەواتە خۆ خەریك کردن بەو ئامارەوە بەڕای من ئەنجامەکەی سفرە، چونکە دوای کڵاوی بابردوو دەکەوین کە هەردووکیان بەئازادی تاکەکەسی بانگەشەی بۆ بکەن، من ئامارەکەم نەدیوە، بەڵکو زلکردنی هەڵای ئەو بەزمەم لەڕاگەیاندنەکاندا بەدی کردو بڕیارمدا ئەم چەند دێرە بنووسم دەنا لەوانەیە هەندێك وردەکاری راستەقینەش هەبن لەو بەدواداچوونەی دکتۆرداو من بەهەڵە بخاتەوە.

بەڕای من سۆزانییەك کە لەگەڵ پیاوێکی خێزاندار رادەبوێرێت گەر بۆ یەك جاریش بێت، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو ژنەی کە سەر بەهەوییە شوودەکاتەوە، چونکە ژنی سۆزانی یەك جار ماڵی ژنێك‌و چەند منداڵێ کاول دەکات، بەڵام ژنی سەر بەهەوێ رۆیشتوو، بۆ ئەبەد ماڵی ژنێکی تر رەشتترو ژیانی منداڵەکانیش دەربەدەر دەکات، لەبەرئەوە من پێم باشترە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بکرێت لەبواری دوو ژنەو سەر بەهەوییە باشترە تا بیانکەنە پەندی زەمانە نەك ناوی (دۆستەکانی) بەڵێ دۆستەکانی لێپرسراوان بێنن کە بەحەزی هەردووکیان لەجێگەو ئوتێل‌و خانووە تایبەتەکانیان شەوانی سوور بەسەر دەبەن... وریابن پێدەچێت ئەو ژنانە ئێستا بۆ خۆیان لەو مەسەلەیە تورە بن‌و ترسی ئاشکرابوونی ناوەکانیشیان هەبێت.. دەبا هەموو ژنێك کەمانای جوانێتی‌و ژنێتی خۆی لایە پەڕۆیەك لەو ئافرەتە دابدرێت کەئاڵتونی بەقیست هێنابوو لای زەڕەنگەرێك دوای ئەوەی ماوەیەکی پێدەچێت زەڕەنگەرەکە تەلەفون بۆ ژنەکە دەکاتو پێی دەڵێت: لەپارەی قیستەکانت خۆش دەبم، بەڵام ئەوەی دەمەوێت بۆم جێبەجێ بکە....

بۆ بەیانی ژنەکە نەك ئاڵتونەکان بەڵکو پارەی قەرز کردبوو رۆیشتبوویەوە بۆ لای زەڕەنگەرەکەو هەمووی هەڵدابوو بەدەموچاویداو پێی وتبوو: ببورە من لەو ژنانە نیم کە تۆ بۆی دەچیت...

کەواتە ئەی ئەو ژنانەی کەدۆستی لێپرسراوان‌و دەوڵەمەندو دەستڕۆیشتووەکانن وانەیەك لەم ژنە نەبەردەوە وەرگرن با دواتر لە بەدواداچوونێکدا بە (دەستدرێژلێکراوان) ناو زڕ نەکرێن.